# تا ئێستا زمانی عەرەبی زمانی خوا بوو
# وا زمانی کوردیشی هاتە سەر

فاتمە عومەر ڕێشاوی
2007– 3– 23

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە مالپەڕی دەنگەکان , بابەتێکم خوێندەوە بە ناوی
_ زمانی کوردی زمانی خوایە بۆیە من دەمەوێ ببمەوە بە ئێزیدی – لە نوسینی (ڕێکپۆش) خان. پێش ئەوەی بۆچون و لێدوانی خۆم سەبارەت بە ناوەڕۆکی بابەتەکە بخەمە ڕوو, پێویستە ئەوە بلێم کە بابەتەکە سەرنجراکێش و وورووژێنەر بوو, بەلام دیدێکی نابابەتی و نازانستی تێیدا بەدی ئەکرا و پەلەپروزێی پێوە دیار بوو. من کە ئەو بابەتەم خوێندەوە بریاری وەلامدانەوەم دا, بەلام برایەک بە ناوی (هەژێن) لەم وەلامدانەوەیەدا پێشم کەوت و ڕەخنەو سەرنجی خۆی لەمەڕ بابەتەکە خستە ڕوو. خۆشبەختانە بابەتەکەی ئەویشم خوێندەوە. من لە زۆر لایەنەوە لەگەل کاک هەژێن – یەکدەنگم. ئەو دیدەی ئەو پێی دەدوا هەرچۆن بێ, پێم واقعی تر و زانستیانەتر بوو.

بەلام پێم باش بوو هەژێن لە وەلامەکەیدا هەندێک نەرم تر و بە سۆزترو بوایە. چونکە ڕاستیەک هەیە نابێ فەرامۆشی بکەین ئەویش ئەوەیە ئەزموونی کورد لەگەل عەرەب ئەزموونێکی تال و پڕ کارەساتە و ئەم بارە نالەبارە زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە کورد کاردانەوەی نازانستی و نامونسفانە بەرامبەر ئیسلام وەک ئایین, بنوێنن. ڕێکپۆش خانیش وەک لە بابەتەکەیدا دەردەکەوێ, یەکێکە لەو کوردانە و موعاناتی ڕەچەک و خۆناسینی هەیە بۆیە دەبێ حساب بۆ ئەو موعاناتەی بکەین, دەکرێ ئەم خاتوونە لەم هەولەیدا هەقێکی پێبێ, دەشێ ئەو بیەوێ خۆی بناسێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ لای خودی خۆی. ئەمەش ئامانج و مافێکی ڕەوایە, بەلام میکانیزمەکانی بۆ گەیشتن بەو ئامانج و مافە, دروست و ڕەوا نین. مرۆڤ کاتێ بۆ لای ڕەچەلەکی خۆی دەگەڕێتەوە, مانای ئەوە نیە ئەو ڕەچەلەکە بکاتە پاکترین و بەرزترین ڕەچەلەک و بیخاتە سەروی مرۆڤایەتیەوە ئەوانی تریش بکاتە سەرچاوەی بەدڕەوشتی و خراپەکاری. چونکە ئەگەر وا بیر بکەینەوە بێ سێ و دوو لێکردن دەبینە کەسێکی شوڤێنی, کەسی شۆڤێنیش سامناکترین مرۆڤە کە دەسەلاتی بکەوێتە دەست.

لێرەوە سەرنجەکانی خۆم لەسەر چەند خالێکی بابەتەکە دەخەمە ڕوو:

1– ناونیشانی بابەتەکەی نوسەر زمانی کوردی زمانی خوایە .. نا ئومێدیەکی زۆری لا دروستکردم, نەک لەبەر ئەوەی کە نوسەر دەیەوێ ببێتەوەبە ئێزیدی, نەخێر, چونکە یەکەم هەموو کەس مافی خۆیەتی چ بیروباوەڕێک هەلدەبژێرێ و کەسیش بۆی نیە ئەو مافەی لێ زەوت بکات. دووەم بە بۆچونی من بیرکردنەوەی چاک و کردەوەی چاک بۆ مرۆڤ گرنگ ترە لەوەی هەلگری چ بیرو باوەڕێکە و چۆن پەیوەندی خۆی لەگەل خوادا دەبەستێ. سێهەم پرنسیپی هەموو ئایینەکان لە یەک چاوگەوە سەرچاوە دەگرن و یەک مەبەستی سەرەکیان هەیە بەلام لە ڕووی دارشتنی یاسا و دەستوورەوە جیاوازن و هەریەکەیان کاریگەری کۆمەلگە و ڕۆژگاری خۆیانیان پێوەدیارە.

بەلکو نا ئومێدیەکەی من لەوێوە دێ, لە سەردەمێکدا کە مرۆڤایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو دیموکراسیەت و مرۆڤدۆستی هەنگاو دەنێ و دیاردەی دیاریکردنی زمان بۆ خوا کە دیاردەیەکی کۆنە و هەموو ئایینەکان ئەو مافەیان بە خۆیان ڕەوا بینیوە, بەلام لە ئاکامدا سیکولاریزم دێت و ئەم مافەیان لێدەسێنێتەوە و لە پیرۆزکردنی زمان قورتاریان ئەکا, ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم دیاردەیە, بەرەو لە ناچون و ئاوا بوون ببات, کەچی تازە تازە لە ناو کوردا, کۆمەلێک پەیدا دەبن و دەیانەوێ ئەو دیاردە بەسەرچووە زیندوو

کەنەوە. زۆر بە دووری ناگرم کە کەسێکی وە ڕێکپۆش خان خۆشی بە ناوی سیکولاریزمەوە ڕەخنە و توانجی ئاراستەی ئەو کەسانە کردبێ کە باوەڕیان وایە زمانی خوا زمانی عەرەبیە. کەچی خۆی دێت ئەم مافە بە ئێزیدیەکان دەدا.

ئەوەندەی من لە سیکولاریزم تێگەیشتبم, ئەوەیە هیچ نەتەوەیەک و هیچ زمانێک لەوی تر پیرۆز تر و بەنرخ تر نیە, بەم پێیە زمانی خوا یان دەبێ زمانی هەموو نەتەوەکان بێ یان دەبێ زمانی هیچکامیان نەبێ. لەگەل ئەوەشدا من پێم وایە ئێزیدیەکان مافی ئەوەیان هەیە کە خواناسین و سروتە ئایینیەکانی خۆمان بە زمانی کوردی بخوێنن. تەنانەت کوردە موسولمانەکانیش گەر هوشیارو بوێربن ئەو مافەیان هەیە.

1- نوسەر لەسەرەتای بابەتەکەیدا پرسیارێک دەوروژێنێ دەلێ ( ئێمەی کورد بە ناو خاوەنی پانتاییەکی ڕۆشنبیرین بەلام ئایا ئەم پانتاییە ڕۆشنبیریە بوەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە مێژوو ڕەچەلەکی خۆمانی لێوە بناسینەوە؟ )

بە بۆچونی من ئەم پرسیارە پرسیارێکی جددیە و لە جێی خۆیدایە, چونکە هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە کە مێژوو ڕەچەلەکی خۆی باش بناسێت و لە هەمان کاتیشدا ئەرکی سەر شانیەتی ئەو کارە بکات. بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بە بەگ بۆ دەهەزار سال لەمەوبەر بگەڕێینەوە. چونکە بانگەواز بۆ گەڕانەوەیەکی لەو جۆرە کارێکی پریمیتیڤانە و عاتفیانەیە. بە تایبەتی ئەمڕۆ کە ئێمە لەسەردەمی عەولەمە و ئینترنێت و کەنالە ئاسمانیەکان و هۆکانی هاتووچۆی خێرا و کرانەوەی کەلتورە جیاوازە کان بە ڕووی یەکتردا, دەژین.

2- ئاماژە بە خالێکی گرنگتر دەدات و دەلێ (ئێمەی کورد هەموو سەرخان و ژێرخانی کەلتوریمان بە ئیسلامەوە گرێداوە) من لەم خالەشدا پشتگیری لێدەکەم چونکە کورد دەکرا لە ڕەهەندی ڕوحی و ئەخلاقی ئایینی ئیسلام سوود وەرگرن و لەهەمانکاتیشدا هۆشیار بن و هەموو کەلتوری خۆیان لەسەر کەلتوری عەرەبی ئیسلامی بنیات نەنێن. هەروەک چۆن ئێمە بۆ ئەوەی سوود لە دیمکراسیەتی ئەوڕپا و ئەمریکا وەرگرین, پێویست نیە ئێمەی کورد کەلتور ئەمریکی یان ئەوروپی بە هەموو ووردەکاریەکانیەوە وەرگرین.

3- ( دەلێین گەلی کورد گەلێکی ئیسلامە. ئەمە بۆچونێکی تەواو هەلەیە و کاتێ ناو کتێبخانەکانی ئەوروپا دەگەڕێی بە دوای ڕەچەلەکی خۆت وەک کورد, ئەوا بە تەواوی پێچەوانەکەی دەبینی. بە پێی ئەو نوسراوانە کورد خاوەنی کۆنترین ئایینی سەر زەوین ... ) باشە ئەمە وەک ڕاستیەکی مێژوویی ناکرێ کەس نوکولی لێ بکات بەلام واقعی ئەمڕۆ کە کورد خۆی بە موسولمان دەزانێ, ئەو واقعە چی لێ بکەین و چۆن مێژوو بەرەو دواوە بەرینەوە. جگە لەوە خۆ کورد هەر موسولمان نین, وەک دەزانین کوردی زەردەشتی و کوردی مەسیحی و کوردی جولەکەش هەن. ئەوان چی بکەن؟ ئایا ئەوانیش هەر بە زۆر خراونەتە سەر ئەو ئایینانە و ڕەسەنایەتی خۆیان لە کیس داوە و دەبێ ببنەوە بە ئێزیدی ؟!!! پێم وایە دەبێ نوسەر وەلامی ئەو پرسیارەشمان بداتەوە.

4- تەنها نەتەوەیەک کە خاوەنی ئایینی ئێزیدیە نەتەوەی کوردە. لێرەدا نازانم نوسەر دەیەوێ ئەمە بە خالێکی پۆزەتیڤ بۆ نەتەوەی کورد و ئایینی ئێزیدی لەقەلەم بدات یان هەروەک ڕاستیەک باسی لێوەدەکات.؟ بەلام خوێندنەوەی من بۆ ئەو ڕاستیە ئەوەیە کە ئەم خالە خالێکی نێگەتیڤە بۆ ئەو ئایینە و بۆ نەتەوەی کورد, چونکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئایین و سارشتانیەتی ئێزیدیەکان هیچ کاریگەریەکی لەسەر نەتەوەکانی دەوروبەر نەبووە و ئایینەکانی تر کاریگەریان لەسەر کورد بووە. کورد پێش ئەوەی ببێتە موسولمان بووە بە زەردەشتیش و بووە بە مەسیحیش و بووە بە جولەکەش. بۆیە لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش ئەویش ئەوەیە: دەبێ هۆی چی بێ کە ئێزیدیە کوردەکان _ بە پێی بۆچونەکانی خاتوو ڕێکپۆش_ کۆنترین نەتەوەی سەر ئەم زەویە بن؟ و نەوەی ئادەم بن؟ و لەهێلکە ژەهراویەکەی دایکە حەوا نەبن؟ ئەوەندە ڕەسەن بن و خاوەنی کۆنترین و زانستی ترین و سوکولارترین ئایین بن؟ بۆ دەبێ

شارستانیەتی ئێزیدیەکان کاریگەری لە سەر میللەت و ئایینەکانی تر نەبووبێ, یان هەر هیچ نەبێ بۆ لە کاتی خۆیدا هێزیک و گوڕێکی وای بە کورد نەبەخشی کە بەرگریی موسولمانبونی تیایاندا دروستکردایە.

5- ( ... ئەم ئایینەی خۆمان( ئایینی ئێزیدی ) بکەینە تێزێک بۆ مەسەلەی نەتەوایەتیمان ). باشە ئەگەر کورد نەتوانێ سود لە بیری مرۆڤدۆستی ئەمڕۆ وەرگرێ و بیکاتە تێزێک بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی. یان نەیتوانیبێ بۆ تێزی نەتەوایەتی سوود لە ئایینی ئیسلام وەرگرێ کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزار و چوارسەد سال لەمەوبەر , هەروە ک چۆن فارس و تورک و عەرەب بۆ تێزی نەتەوایەتی خۆیان سوودیان لێ وەرگرت. ئێستە لەم زەمەنی –مۆدێرنەتە و پۆست مۆدێرنەتە – چۆن دەتوانێ بۆ تێزی نەتەوایەتی سوود لە ئایینێک وەرگرێ کە دەگەڕێتەوە بۆ دە هەزار سال لەمەوبەر ؟!

6 – نوسەر سەبارەت بە دۆزی ژن دەلێ ( من لەو باوەڕەدام گەر ژنی کورد ئەم میتۆلۆژیە ( میتۆلۆژی ئایینی ئێزیدی) بکاتە ڕەهەندی مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو ئەوا چەند هەنگاویک لە و مەسەلەیە نزیک دەبینەوە. بۆ ئەمەش پشتی بە چەند ئەرگومێنتێک بەستوە. منیش لێرەدا ئەو ئەرگومێنتانە ڕیزبەند دەکەم و سەرنجی خۆمیان لەسەر دەدەم .

⁕ بە پێی میتۆلۆژی ئایینی ئێزیدی ئێزیدیەکان نەوەی ئاددەم و حەوا نین بەلکو نەوەی ئادەمن. نازانم نوسەر وەک ژن و وەک کەسێکی ڕوناکبیر و داکۆکیکار لە مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو, چۆن پێی وایە کە ئەم میتۆلۆژیە کە حەوا لە نەسەب مەحروم دەکا, لە خزمەتی ئەو مەسەلەدابێ.

⁕ بە پێی میتۆلۆژی ئایینی ئێزیدی ژن لە پەراسوی پیاو دروست نەبوە و ژن و پیاو بەیەکەوە دروست بوون . لێرەدا مەبەستی ئەوەیە بلێ کە بە پێی میتۆلۆژی ئایینی ئیسلام ژن لە پەراسوی پیاو دروست بوە و لە پێشدا پیاو دروست بوە ئینجا ژن. هەر لە هەمان بابەتدا دژ بەو بۆچونەی خۆی دەبێتەوە و دەلێ کە ( ئادەم دەستی کردە گریان ووتی من تەنهام خواش جوبرەئیلی بۆ نارد و لە دەستی چەپی حەوای بۆ دروستکرد ) کەواتە لێرەشدا لە پێشەوە ئادەم دروست بوە, ئیتر جیاوازی چی بوو ؟یان جیاوازی چیە لەوەی کە حەوا لە پەراسوی چەپی یان لەدەستی چەپی ئادەم دروست بوبێ؟ هەروەک پەندێکی کوردی دەلێ. شەل نیە, پای چەوتە.

⁕ پاشان ئادەم و حەوا دەستیان کرد بە گفتوگۆکردن لەسەر ئەوەی نەسەب لە سەر کامیان بێت سەرنجام بەوە گەشتن کە هەریەکەیان ( سێدی..) خۆی مانای ئادەم سپرمەی خۆی و حەواش هێلکەی خۆی کردە گۆزەیەکەوەپاش نۆ مانگ گەڕانەوە سەری بینیان ئەوەی ئادەم بوونە دوو مندالی جوان, بەلام ئەوەی حەووا بوبوە ماددەیەکی ژەهراوی .... )

نازانم نوسەر باوەڕی بەم میتە یە هەیە؟ یان هەر وەک چیرۆک دەیگێڕێتەوە. چۆن بانگەوازی ئەوە ئەکات کە بکرێتە ڕەهەندی مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو؟. خۆ ئەگەر وا بێ میتۆلۆژی ئیسلام گونجاوترە بۆ ئەوەی بکەینە ڕەهەندی یەکسانی ژن و پیاو چونکە لەوێدا:

یەکەم: نەسەب دەگەڕێتەوە سەر ئادەم و حەوا. نەک ئادەم بە تەنها. چونکە ئادەم و حەوا بە شێوەیەکی سروشتی دەبنە هاوسەری یەکدی ومنالیان دەبێ..

دووەم: ژن لە پەراسو و یان لە دەستی چەپی پیاو دروست نەبوە, بەلکو لە قورئاندا هاتوە ( خلقكم من نفس واحدة و جعل منها زوجها ) واتە خوا ئێوەی لە یەک نەفس ( گیان) دروست کردوە و هەر لەویش جوتەکەی بۆ وەدیهێنا. واتە ژن و پیاو لە یەک نەفس دروست بوون. ئەگەر لەمەش ئەوە هەلهێنجرێ کە ئەو نفسە ئادەم بوە و حەواش لەو دروست بوە, ئەوا ئەمەی لە قورئاندا هاتوە هەرچۆن بێ گەلێ پێشکەوتوو تر و زانستی ترە. چونکە, ژن لە پەراسو یان لەدەستی چەپی ئادەم نیە. (گوایا پەراسوی خوار هەرگیز ڕاست نابێتەوە) .

بەلام لە تەورات لە سورەتی التكوین بەشی 2 ئایەتی 22 دا هاتوە ( و بنی الرب الاله امراة من الضلع التي اخذهامن أدم فجاء بها الى ادم فقال ادم و هذة الان عظم من عظامي و لحم من لحمي هذة تسمى امراة ... .)
لەمەوە تێدەگەین ئەم بۆچوونە كە لە ناو ئێمەدا باوە و پیاو بەو شێوەیە لە بەرژەوەندی خۆیدا بەكاری هێناوە, لە كوێوە سەرچاوە دەگرێ.

سێهەم: حەوا نەبۆتە هۆی ئەوەی ئادەم سەرپێچی لە فەرمانی خوا بكات و بە هۆیەوە لە بەهەشت دەركرێن . هیچ تێكستێك نیە لەقورئاندا ئاماژە بەوە بكات. بەلام بۆچی ئەم بۆچوونە وا بەو شێوەیە لە ناو ئێمەدا باوە, چونكە دیسانەوە ئەمیش لە( تەوراتدا التكوین بەشی 3ئایەتی 6) هەیە.

چوارەم : سوڕی مانگانەی ژن و ئازاری منداڵ سزای خودا نین بەلكو
دیاردەیەكی سروشتین تەنانەت ئەگەر ژنێك لە كاتی منال بووندا بمرێت
بە پێی عەقیدەی ئیسلام یەكسەر دەچێتە بە هەشتەوە.

پێنجەم : بەلێ بە پێی ئیسلامیش پیاو لە پێشەوە دروست بوە ئینجا ژن.
بەلام لێكدانەوەی ئێمەیە ئەمە دەكاتە خالێكی نێگەتیڤ كە گوایە پیاو ڕەسەن
ترە لە ژن. ئەی بۆ لێكدانەوەكە بەمجۆرە نەبێ؟ خوا كە ئادەمی دروستكرد,
ئادەم هەستی بە تەنهایی كرد (هەروەك ڕێكپۆشخان خۆشی ئاماژەی بەمە
كردووە) بۆیە خواش حەوای بۆ دروستكرد. كەواتە ئادەم بێ حەوا نوقسان
بوو. خۆ ئەگەر چیرۆكەكە وا بوایە كە دروستكردنی ژن پێش پیاو بوە ئەوا دیسانەوە هەمان گرفتی ئێستەمان بە پێچەوانەوە بۆ دروست دەبوو. بۆیە قسەكردن لەسەر پێش و پاشكەوتنی دروستبونی ئادەم یان حەوا بێ سودەو دەچێتە ئەو خانەیەوە كە دەبێ بلێی قسە هەزارە و دوانی بەكارە. چونكە ئەگەر كەسێك هەموو ئەم چیرۆكانە بە میتە ناو بێنێ, ئیتر چۆن دەبێ دلیان پێخۆش بكات یان گلەیی و گازندەیان ئاراستە بكات.

* نوسەر دوای ئەوەی میتەی ئایینی ئێزیدی بۆ دروستبونی مرۆڤ, دەخاتە ڕوو. دێتە سەر ئاماژەدان بە هەندێ لە یاساكانی ئایینی ئێزیدی. لەوانە:

* ( بە هۆی ئەوەی ئێزیدیەكان خاوەنی خوێنێكی خوایانەن, دەبێ ژن هێنان و شوكردنیان هەر لە ناو خۆیاندا بێت و خۆیان تێكەلی ئەوانە نەكەن كە نەوەی ئاددەم و حەوان............ هێلكەی حەوا هەلگری ماددەیەكی ژەهراوی تایبەتیە ئەوانەی لەم نەوەیەن خراپەكاریان لە دەست دێ.

ئەرێ نازانم ڕێكپۆش خان لە ئەوروپای ئەم سەردەمەدا ئەژی لەوێش دەخوێنێ, بە قسەی خۆی خوێندن و كتێبخانەی ئەوروپا چاوی ئەمیان كردۆتەوە و بۆنەتە هۆی ئەوەی كە ئەم هۆشیاربێتەوە و بگەڕێ بە دوای ڕەچەلەكی خۆیدا, كەچی ئەم باوەڕی وایە ئەو ئەوروپیانە _ كە مەسیحین _ لەو مادده ژەهراویەن كە خۆی باسی دەكات و سەرچاوەی كاری خراپەن. زۆر بە داخەوە لەم سەردەمەدا كەسێكی نوسەر و خوێنەر لە بری ئەوەی ئەم بیروباوەڕ و یاسایانە لە هەر كوێیەكدا بن _ لە ئیسلامدا یان ئێزدیدا- پوچەل بكاتەوە, دێت و ڕیكلامیان بۆ دەكات.

* یان دەلێ ( بە پێی یاسای ئێزیدی هیچ پیاوێك بۆی نیە لە سالێك زیاتر لە مال و منداڵی دووركەوێتەوە........تەنانەت ئەگەر لە سالێك زیاتر دوور بكەوێتەوە بۆی نیە بگەڕێتەوە لای هاوسەرەكەی وتەنانەت بۆی نیە ژیان لە گەل هیچ ژنێكی ئێزیدیدا بكات , چونكە ئەگەری ئەوەی هەیە كە ئەو كەسە

تێکەلی کەسانی ناپاک بوە ...) نازانم نوسەر چۆن باوەڕی وایە ئەم یاسایە واقعیە و دەکرێ لە خزمەتی مرۆڤدا بێ ؟!, یان ئەمە کارەساتێکە بۆ ژن و بۆ پیاویش . جگە لەوەش بە پێی ئەم بۆچوونە بێ ئێزیدیەکان ڕەگەز پەرستن _ دیارە من لێرەدا نامەوێ بلێم ئێزیدیەکان ڕەگەز پەرستن – بەلام مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بێتوو ئەوا بێ وەک نوسەر دەلێ ئەوا ئەو بۆچونە کە ئەو کەسە تێکەلی کەسانی ناپاک بوە بە پێوانەکانی ئەم سەردەمە دەچێتە خانەی ڕەگەز پەرستی و ئێزیدیەکان بۆ ئەوەی ببنە ئێزیدیەکی ئەم سەردەمە ئەبێ واز لەو بۆچوونە بهێنن. چونکە ئەو بۆچونە لەم سەردەمەدا قابیلی پراکتیزەکردنی نیە.

نازانم نوسەر چۆن لەو باوەڕەدایە کە دەلێ ( ..گەر ئایینی ئێزیدی تەحەکومی بکردایە بەسەر کۆمەلگای کوردیدا ئەوا ئەو کارەساتەی ئێستە ژنانی کورد پێوەی دەنالێنن هەرگیز ڕووی نە ئەدا بە تایبەتی مەسەلەی جێهێشتنی پیاوان و ڕووکردنیان لە هەندەرەران ......)) باشە ئێزیدیەکان چۆن هاتوون بۆ ئەوروپا دیارە ئەوان دەبێ هەمویان خوا پێداو بوبن و هیچکامیان ناچار نەبووبێ ژن ومالومنالی بە جێ هێشتبێ. دەنا هیچ کەس لەو باوەڕەدا نیە کە نالەباری ژیانی ئەوسا و ئێستای کورد و دەنگی خۆشی دەهۆلی ئەوروپا وای لە ئێزیدیەکان نەکرد بێ کە واز لەو یاسا ئایینیەی خۆیان نەهێنا بێ و دانیان بە خۆیاندا گرت بێ و ژنەکانیان بە جێ نەهێلا بێ. جگە لەوەش ئەم مەسەلەی

بەجێهێشتنە هیچ پەیوەندیەکی بە کێشەی ژن و مافی یەکیسانی ژن و پیاوە نیە خۆ ژنان زۆرجار خۆیان پال بە مێردەکانیانەوە دەنێن کە بەچن بۆ ئەوروپا تا ئەمانیش بۆ لای خۆیان ڕاکێشن.

⁕ خیانەتی ژن و مێردایەتی کوشتنە

نازانم نوسەر چۆن لەوە ئاگادار نیە لەوەی لە ئیسلامیشدا و لە ئایینەکانی تریشدا سزای خیانەتی ژن ومێرداتی هەر کوشتنە جا چ بۆ پیاو یان ژن. بەلام ئەو باکگراوەندە کەلتوریەی ئێمە کە ژن سزا دەدات لەسەر خیانەت و پیاو سزا نادات. ئەوە بە هیچ شێوەیە لەگەل تێکستە بنەڕەتیەکانی ئیسلام یان ئایینەکانی تریشدا یەکناگرێتەوە و دیارە ئێزدیش یەکێکە لەو ئایینانە. بەلام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش, ئایا نوسەر ئەگەر لە شوێنێکی تردا باس لەم یاسایە لە ئیسلامدا بکرێ, ئیسلام بە دواکەوتوو قەرەقەش لە قەلەم نادات؟!

⁕ بێوەژن بۆی هەیە شەش جار شوو بکاتەوە

نازانم نوسەر چۆن لەوە ئاگادار نیە کە شووکردنەوەی بێوەژن لە هیچکام لە ئایینەکاندا قەدەغە نیە و بەلکو خوازراویشە دیارە ئێزدیش یەکێکە لەو ئایینانە. خۆ ئەگەر وابێ ئەو کات فرەژن یەکەی ئیسلام باشتر لەگەل ئەم یاسایەدا ڕێ ئەکەوێ و ڕێگە چارەیەکی باشیشە بۆ ژنانی ئەنفال. نازانم خاتوو ڕێکپۆش خۆی لەمە هەلە دەکات یان لێکۆلینەوەکانی ووردبینانە نین.

⁕ لە ئایینی ئێزیدیدا ژن کەم عەقل و ناتەواو نین. بەم ووتەیەدەیەوێ ئەوە بلێ کە لە ئایینی ئیسلامدا ژن بە کەم عەقل و ناتەواو دەبینرێ. دیارە ئەم بۆچونە پانتاییەکی گەورەی لە جۆری بیرکردنەوە و ئەقلیەتی کۆمەلگەی ئێمە بە ژن و پیاوە وە داگیرکردوە. بەلام ئەگەر لای ئایینی ئێزیدیەکان هێلکەی حەوا ماددەیەکی ژەهراوی بێ و سەرچاوەی کارەخراپەکان بێ, دە با لای ئیسلامیش ژن کەم ئەقل بێ!! خۆ ئەمیان هەر چۆن بێ دەکرێ بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ لێکدانەوەی بۆ بکرێ. بەو مانایەی کەمی ئەقل لای ژن مانای زال بونی سۆز دەگەیەنێ و لاوازی سۆزیش لای پیاو زالبونی ئەقل دەگەیەنێ. بەمە پارسەنگیەک لەو دوانەدا دروست دەبێ و یەکتر تەواو دەکەن.

لە کۆتاییدا پێم باشە ڕێکپۆش خان بەردەوام بێ لەسەر گەڕان بە دوای ڕەچەلەکی خۆیدا بەلام بۆ ئەمە پێویستی بە میکانزمی زانستی و منسیفانە تر و ئەزموونی خەلکی کە بەم قۆناغەدا تێپەڕیون, هەیە . بۆ ئەمەش کتێبی *سایکۆپۆلۆتیک لە نوسینی ئازاد قەزاز یەکێکە لە یاریدەدەرە باشەکان بۆ خود دۆزینەوە.

---

* ئەم کتێبە لەم ماڵپەڕەدا بڵاو بۆتەوە **www.rwanin.net**.